# دیانا حەداد ئەلبومێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە



سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردووەژنەگۆرانیبێژی لوبنانی کەنازناوی ئەستێرەی مرۆڤایەتی وەرگرتووەو ساڵی ٢٠٠٦یش خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژی عەرەبی بەدەستهێنابوو ، ئیستا سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبومێکی نوێیە.

دیانا حەداد ئەمجارەیان لەسەر ڕێچکەی کەنداو هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەئاوازدانەری ئیماراتی ، ئەلفایز سەعید ئاوازێکی ئەوتۆی بۆ داناوەکەلەگەڵ لەرەی دەنگی دیانا بگونجێ .

گۆرانی لەبیرت ناکەم هۆنراوەی شاعیرێکی کەنداوەو زۆریش لەبەردڵانەو دەڵێ :" لەبیرت ناکەم چاوەکەم ، هەتا ئەگەر دڵیشت لەبیرمان بکات "

دیانا حەداد خۆی بۆ ئەم ئەلبومەنوێیەئامادەدەکات ، بەڵام نازانرێ کەی دەکەوێتەبازاڕەوە، هێندەهەیەکەناوبراو نایەوێ بەرهەمێکی کاڵ و کرچ پێشکەش بەلایەنگرانی دەنگی خۆی بکات .

یەکێ لەگۆرانیەکانی دیکەی ئەو ئەلبومە، گۆرانی ( عادی)یەکەباس لەخۆشەویستیێکی گڕگرتووی نێوان ژن و پیاوێک دەکات کەسەرەنجام ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێن ، بەڵام زۆر ئاسایی دەژین ، وەک عەرەب گوتەنی زۆر عادی دەژین ، گۆرانیەکەش هەر ئاساییە!!

گۆرانی عادی بەدوو ڕۆژ وێنەی گیراوە، دیانا وێڕای ئەوەی گۆرانیەکەدەچڕێ ، ڕۆڵی گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستی ئەو ژن و پیاوەدەگێڕێتەوەکەدوای بەیەک گەیشتن زۆر ڕۆتینی و ئاسایی ژیان بەسەر دەبەن

# دەوڵەمەندترین ژنی ئاسیا دەمرێ



ڕۆژی ٣-٤-٢٠٠٧ ( نینا ڤانگ) دەوڵەمەندترین ژنی ئاسیا بەنەخۆشیەکی ئاشکرا نەکراو کۆچی دوایی کردووەو نزیکەی چوار ملیار و دوو سەد ملیۆن دۆلاری لەدوای خۆیدا جێهێشتووە.

ناوبراو لەتەمەنی ٦٩ ساڵیدا کەلەراگەیاندنەکانی ناوەخۆدا بە دوو کەزیلەشیرینەبچووکەکەناسراوبوو ماڵئاوایی لەژیان کرد .

ساڵی ٢٠٠٥ نینا ڤانگ لەرێگەی دادگەوەتوانی کێشەکەی لەگەڵ باوکی مێردەکەیدا کەبەئیمپراتۆریەتی کارەکان بەچیرۆکی ناپاکی و کوشتن و ڕفاندن ناوداربوو ، بباتەوە ، کەماوەی دەساڵ دەبوو مێردەسەرمایەدارەکەی بێسەرو شوێن ببوو ، بەمەش سەرمایەکی زۆری بۆ مایەوە.

کۆمپانیای چیناکیم کەگەورەترین کۆمپانیای تەیبەت بەزەوی و زاری هۆنگ کۆنگە هەواڵی مردنی بەڕێوەبەرەکەی ( نینا ڤانگ)ی ڕاگەیاندووەو داخباری خۆی دیارکردووە.

شیاوی باسەنینا بەپێنجەمین سەرمایەداری ئاسیا ناسراو بوو ، هیچ منداڵێکی نیە، تەنیا لەگەڵ براێکی دا دەژیا ، بەڵام بەپێی یاسا براو خوشکەکانی دیکەشی بەشەمیرات لەسامانەکەی وەردەگرن و دەحەسێنەوە.

# هندستان :نرخی منداڵ لەگامێشێک هەرزانترە!

ڕۆیتەرز: چالاکڤانێکی داکۆکیکار لەمنداڵان بەپەیامنێری ڕۆیتەرزی راگەیاندووەکەنرخی منداڵیکی هندستان زۆر لەنرخی ئاژەڵێک هەرزانترە.

بوڤان ریبهۆ چالاکڤانی بزاڤی منداڵان رزگاربکەن بەرۆیتەرزی گوتووە: لانی کەم نرخی گامێشێک ٣٥٠ دۆلارە، بەڵام لانی زۆر نرخی منداڵێک ٤٥ دۆلارە، ئەو منداڵانەی کەدەشفرۆشرێن یان لەبازرگانیکردن بەمادەهۆشبەرەکانەوەدەکاردەکرێن یان لەبواری سێکسدا بازرگانیان پێوەدەکرێ .

ناوبراو وەک نموونەباسی ئەو خێزانەی هەرێمی بیهاری کردووەکەلەبرسان منداڵەکەی خۆیان بەشەش دۆلار فرۆشتووە!!



بزاڤی منداڵان رزگار بکەن پێیوایەکەپێوەندیەکی پتەو لەنێوان پۆلیس و بازرگانانی مرۆڤ دا هەیە، چونکەئەو بازرگانانەبەئاشکرا دەسووڕێنەوەو منداڵەکان دەکڕن و بۆ شوێنەکانی دیکەدەیانگوازنەوە.

# ئەناند ژۆن رووبەڕووی دادگەدەکرێتەوە



**ئەناند ژۆن** دایزاینێستی ناوداری جیهانی جلوبەرگ بەوەتۆمەتبارکراوەکەدەستدرێژی کردۆتەسەر دەیان کچ و ژن لەوانەی کەویستویانەبەشداری لەپێشاندانی مۆدێلەکانی جلوبەرگدا بکەن .

ناوبراو تۆمەتبار کراوەکەدەستدرێژی سێکسی کردۆتەسەر ١٢ کەس لەوانەی لەپیشەسازی و دروینی جلوبەرگدا کاردەکەن کەهەندێکیان تەمەنیان لەنێوان ١٤ تا ١٧ ساڵی دابووە، ئەمەش بەتاوانێکی گەورەپێوانەدەکرێ ، ناوبراو جگەلەدەستدرێژیکردن بەوەش تۆمەتبار کراوەکەئەوانەی فریو داوەو بەڵێنی پێداون کەبۆندەیان لەگەڵ دەبەستێ و وەکو مۆدێلێستێک دەیانناسێنێ ، جا ئەگەر ئەو تۆمەتانەبسەلمێندری سزای زیندانیکردنی بەسەردا دەسەپێندرێ .

ئەناند ژۆنی تەمەن ٣٣ ساڵ ئەو تۆمەتانەرەتدەکاتەوە، پارێزەرەکەشی پێیوایەکەئەوانەی سکاڵایان لێکردووەلەکاری پێشاندانی جلوبەرگ سەرکەوتوو نەبوونەو نەبوونەئەستێرەی ناودار ، بەمەش داخبار بوونەو دەیانەوێ تۆڵەی شکستەکەیان لەئەناند ژۆنی دیزاینێستی ناودار بکەنەوەو ریسوای بکەن .

ئەناند ژۆن لەدایکبووی وڵاتی هیندستانە، لەئەمریکا دەژی و چاوەروان دەکرا ئەمساڵ ٢٠٠٧ وەک ناودارترین ئەستێرەی دیزاینێستی جلوبەرگی جیهانی بناسرێ و سەرکەوتن بەدەست بهێنێ .

ئیلدۆن فۆکس دادوەری باڵا وێڕای ئەوەی قسەی ١٢ کەس لەوانەی وەرگرتووەکەلەلایەن ئەناند ژۆنەوەدەستدرێژیان کراوەتە سەر ، بەڵام بەگرەنتی یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار دۆلار ناوبراوی ئازاد کردووە، بەو مەرجەی رۆژی ١٢-٦-٢٠٠٧ لەبەردەم دادگەئامادەبێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێ . دادوەر بەڵێنی داوەئەگەر بەکەتنی دیکەش تۆمەتبار بکرێ ئەوەگرەنتیەکەی زۆرتر دەکرێ .

پارێزەران پێیانوایەئەگەر ئەو تۆمەتانەلەسەر ئەناند ژۆن ساغ ببنەوەئەوەسزای زیندانیکردنی هەتا هەتایێ بەسەردا دەسەپێنرێ ، بەمەش لەلووتکەوەبەرەو ژێرزەمینی شۆڕ دەبێتەوە.

# پێغەمبەرێکی ساختە لەسێدارە دەدرێ

**هەواڵەکان** : پێغەمبەرێکی ساختەلەپاکستان سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێ .

کەسێک بەناوی عەبدولحەمید ، تەمەن ٤٥ ساڵ خەڵکی پاکستان بەتۆمەتی ئەوەی بانگەشەی پێغەمبەرێتی کردووەو لەماڵەکەی خۆیدا رووگەو بەردی رەشی داناوەلەلایەن دادگەیەکی پاکستانەوەدادگەیی کراو سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕایەوە.

پۆلیسی پاکستان لەرێگەی خەڵکەوەئاگادار کرایەوەکەکەسێک بەناوی عەبدولحەمید خۆی بەپێغەمبەری دادەنێ ، داوا لەخەڵک دەکات کەشایەتی پێبهێنن ، بەمەبەستی زیارەتی ماڵی خودا ، سەردانی ماڵەکەی ئەو بکەن ، چونکەهەم رووگەیەو هەمیش بەردی رەشی تێدایە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسەخەڵکی هەژارو کەم هۆشیاری فریوداوە، هەڵی خەڵەتاندون و وای لێکردوون کەباوەڕی پێبهێنن و وەکو پێغەمبەرێک رەفتاری لەگەڵدا بکەن و فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکەن .

سەرەنجام تەمەنی ئەو پێغەمبەرەساختەیەکورت بوو ، لەهەنگاوێکی دەستوبردا گیراو دادگەیی کراو سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕایەوە.



## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

باسی دووبارەچۆلکردنەوەی گوندەکانیان بۆ بەرپرسێک کردبوو ، ئەویش لەقاقای پێکەنینی دابوو ، گوتبووی : باشتر! ئیدی دەتوانین یاسایێک دەربێنین و ئەو زەویانەلەسەر خۆمان تاپۆ بکەین !!

شازدە ساڵەکوردستان ئازادە، بەڵام دەرکراوانی گوندی گڕاو بەبیانۆی ئەوەی گوندەکەیان لە(سەری رەش)ەوەنزیکەئیدی ڕێگەیان پێنادرێ بگەڕێنەوە! هەندێک لەوان نامەیەکی کراوەیان بۆ سەرۆکی هەرێم ناردبوو ، پرسی بوویان : بۆچی ڕێگەمان نادرێ بۆ گوندەکەمان بگەڕێینەوەو بۆچیش لەلایەن بەرپرسانیشەوەزەویەکانمان داگیرکراون ؟! بەڵام نازانرێ وەڵامیان دەدرێتەوەو کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکرێ یان نا ؟!

بەرپرسێک گلەیی و گازاندەی خەڵکی پەردەپۆش دەکردو ئاگرەکەی لەخۆی دوور دەخستەوەو دەیگوت : هاواری خەڵک رەخنەیەکی بەکۆمەڵەلەگەندەڵی !!

بەرپرسەکان نوێنەرانی هەر چین و توێژێک ببینن، سنگ دەردەپەڕێنن و بەڵێنی رەنگاورەنگیان پێدەدەن ، دواتر راگەیاندنەکانیشیان دەڵێن : بەرێزیان بەڵێنیان دا تەواوی داواکاریەکانیان جێبەجێ بکەن ، بەڵام دوایی هیچ ناکرێ و کەسیش نقەی لێوەنایەت !

## جەبار سابیر




## جەمشید و سەماکار
## خەڵک و بەهای پیرۆز

شازدە ساڵە خەڵک خۆی بۆتەسەماکارو بوکە دارینە بەدەست حکومەتەوە، کەچی لەدژی چەند سەماکارێکی بیانی ئیمزا کۆدەکاتەوە. خەڵک لەدژی بێدادی کۆمەڵایەتی و نەبوونی تەواوی پێداویستیەکانی ژیانی بۆی هیچ ناڵیتوقروقەپ لێی پاڵکەوتووە، لەبەرامبەر هاتنی جەمشیدی گۆرانیبێژداهاواری لێهەڵدەستێ و بێزارە. لەکاتێکدا جەمشید بەداوەتی رەسمی حکومەتی هەرێم و بەپارەو پۆلێکی زۆر خەیاڵیتەشریفی هێناوەتە ئەم وڵاتە وێرانە، ئەم وڵاتەی تائێستایش لەسەر خورافیات و جێرۆکە سەیرهو سەمەرەکانی ڕابردویەکی دوور دەژی. دیارە ئەمەش خۆڵکردە بەچاوی خەڵکداو سەر لێشواندنیەتی، خەڵکەئێستادادەیەوێ وەک ئینسانێکی زۆر سەرەتای بێ کێشەو گرفت بژی، نەک بچێتە کۆنسێرتێک گۆرانی بچڕێ و چوار کچیش سەمای بۆ بکەن. ئەمە سیاسەتێکی زۆر کاریگەری حکومەتی کوردییە بەلاسایکردنەوەی دەوڵەتیتورک کەبەردەوام خەڵک بەکۆنسێرتی تورەهات و بەرنامەی تەرفیهی لەشێوەی (میڤان شۆ)دا خەڵک سەرقاڵو گێژوو ورکەن و نەزانێ گرفتە سەرەکییەکانی خۆی چین و چۆن دەکرێچارەسەر کرێ.

خەڵک وازی لەو هەموو بەرپرس و وەزیرو گزیرو ئەندام پەرلەمانە هێناوە بەئارەزووی خۆیان شاپان و راپان بە پارەو سەروەت ئەم وڵاتەوە دەکەن، کەچی پێیان ناخۆشە کچی بیانی بێتە وڵاتەکەی و سەما بکەن، لەکاتێکدا خەڵک خۆی دەچێتە سەیری سەماکەی ئەوان و ئەوان نەچوونەتە ناو ماڵی خەڵک و شوێنە گشتیەکانەوە سەمابکەن و خەڵک بێزارکەن. خەڵکبێ نەوتی و بێ بانزینی قبووڵە بەڵام سەمای قبوڵ نییە، خەڵک بێ کارەبایی قبوڵەو سەمای قبوڵ نییە، خەڵک جەردەیی قبوڵە کەچی سەمای قبوڵ نییە، خەڵک ئەو هەموو ناعەدالەتییەی حکومەتی کوردی قبوڵە کەچی بە سەما پەستەبێت. شەوێک لەشوێنێک دانیشتبووین ژنێک وتی: باشە حکومەت چۆن رێگەی داوە ئەو گۆرانی بێژە فارسە بێ خاوەنە بێتە ئێرەو ئەو کچە رووت و قوتانە بێنێ بە بەرچاوی عالەمەوە بایدەن. میش وتم: ئەو گۆرانی بێژە فارس نییەو کوردە، بە بەرچاوی خەڵکەوە نییەو لەهۆڵی داخراودایە، خۆی نەهاتووەو ئەو حکومەتەی تۆ دەنگت پێیداوەو ئامادەنییە دوو دینار زیادە بخاتە سەر مووچەی خەڵک، بەدەیان دەفتەر دۆلاری داوەتێ و چەند مانگێکیش لێی پاراوەتەوە ئینجا ئەو گۆرانی بێژە هاتووە. خەڵکیش نەک هەر پێی ناخۆشنییەبەڵکو ملی خۆشیانی بۆ دەشکێنن تاقاچو قولی کچێک لەو کچە سەماکارانە ببینن و ئەوەشی تۆ دەیبینی و گوایا خەڵک نارازییە ئەوە هەر حکومەتەکەی تۆ هانیدەداو مەبەستیشی ئەوەی خەڵک بەو شتە تورەهات و لاوەکییانەوە سەر قاڵکات و خۆی و کەموکوڕییەکانی حکومەتی بیرچێتەوە. ئەکرێ ئەوەش بڵێین کە شارو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی قوربانیدانی دەوێ بەهەندێ بەهاو نەریتی کۆمەڵایەتی، دامەزراندنی دەوڵەت و دروستکردنی حکومەت، هەم جێگەی بەها ئاینییەکانی تێدا دەبێتەوە هەم جێگەی ئارەزووە دنیاییەکان، ناکرێ شارو دەوڵەتت هەبێ و سەماکارت نەبێ و سەرباری ئەوەش بە هاتنی سەماکاری بیانی بێزاربیت. لەدەوڵەتدا هەنوو شتێک جێی دەبێتەوەتەنیا دزو جەردەو بێدادی کۆمەڵایەتی نەبیت. کەئێستا لەم وڵاتەدا باڵادەستە. لەجەمشید تورەمەبن بەڵکو لەحکومتی کوردی تورەبن کەبەو جۆرە شتانە بەنجتان دەکات.

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com